# ئایینی دیجیتاڵی و مەترسییەکانی لەسەر شوناسی کورد

**هیوا مووسا ***
**(دەربەندیخان)**
**( ٢- ٢ )**

## چاپتەری دووەم
## ئایینی دیجیتاڵی

لــە چەنــد دەیــەی ڕابــوردوودا گۆڕانکارییەکــی گەورەمــان لــە بــواری پێوەنــدی تەکنۆلۆژیــادا بینــی و کاریگەریــی قووڵیشــیان لەســەر ئــەوە بەجــێ هێشــت کــە خەڵــک چــۆن ســرووتە ئایینییەکانــی خــۆی جێبەجــێ دەکات. لێرەدا ئایینــی دیجیتاڵــی ئــەو تێرمەیــە کــە ڕۆڵــی ئایینمــان لەنــاو کولتــووری دیجیتاڵیــدا بــۆ دەستنیشــان دەکات، واتــە ئایینــی دیجتاڵــی قســە نییــە لەبــارەی ئایینێکــی دیاریکــراوەوە، بەڵکــوو ئاماژەیــە بــۆ ئــەوەی کــە دیجیتــاڵ میدیا چــۆن ڕەنگرێــژ دەکرێت و لەلایــەن ئاییندارەکانــەوە دەخرێتــە ڕوو، یــان چــۆن ئاییــن لەنــاو کولتــووری دیجتاڵــدا دەبینرێــت، کەواتــە ئەمــڕۆ ئایینــی دیجیتاڵــی هاوکارمــان دەبێت قســە لــە بــارەی ڕەوشــی هەنووکــەی ئایینــەوە بکەیــن لــە پێوەنــدی بــە بەرهەمــە هونەرییەکانــی دیجیتــاڵ و ئــەو کولتــوورەی کــە دروســتی دەکات.

ئەڵبــەت بــۆ قســەکردن لەســەر ئایینــی دیجیتاڵــی پێویســتە ســەرەتا بــاس لــە هاتنــی ئاییــن بکەیــن بــۆ نــاو ئینتەرنێــت، ئــەوە بــوو ســەرەتا لــە ناوەڕاســتی نەوەدەکانــەوە ئایینــی ســایبەری وەک ڕێگــە و میتۆدێــک بــۆ تێگەشــتن لــە گرنگی ئاییــن بــە پانتایــی ئینتەرنێتــەوە بەکارهــات، یــان ئــەوەی پــێ دەگوترێــت جیهانــی ناڕاســتی، ئــەو جیهانــەی کــە لەلایــەن تەکنۆلۆژیــاوە دروســت دەکرێــت. ئایینــی ســایبەری ئامــاژە بــە ئــەوە دەکات کە هاوپەیمانییــەک لــە نێوان تەکنۆلۆژیــای کۆمپیووتــەر و ئاییندا دروســت بــووە، وەک ئــەوەی خەڵــک ئەزموونــە ئایینــی و ڕوحییەکــەی خــۆی بــۆ نــاو پانتایــی ئینتەرنێــت گواســتووەتەوە.

هیلاند چەمکێکی تــر دەخاتــەڕوو بــۆ تیگەیشــتن لــە پێوەنــدی نێــوان ئاییــن و تەکنۆلۆژیــا، ئەویــش چەمکــی ئایینــی ئۆنلاینــە، لــەم بــارەوە ئایینــی دیجیتاڵــی خۆی لەســەر کولتــووری ئۆنلاین و میدیاوە دروســت دەکات، ئەمــە لــە ئایینــی نەریتــی جیــاوازە کــە خــۆی لەســەر شــێواز و ڕێچواڵەکانــی کۆمەڵگــە دروســت کــردووە و بــە مێــژووی کۆمەڵگەکانــەوە بەســتراوەتەوە، وەک ئەوەی هوڤەر باســی دەکات کە (ئایینــی دیجیتاڵــی داوای ئەوەمــان لــێ دەکات کــە

سەرنجمان لەژێر ڕۆشنایی دیجیتاڵدا) بە ئایینەوە ببەستینەوە. لێرەوە ئایینی دیجیتاڵی چەمکێکی مەعریفییە باس لەوە دەکات کە چۆن کارەکتەرێکی بێ هاوتای تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی وێنای کولتوور و جێبەجێکردنی باوەڕ و ئایین دەکێشێت، کە دواتر لە تێگەشتن لە جێبەجێکردن و پێگەی ئایین لە جیهانی نوێی میدیادا هاوکارمان دەبێت.

لەم بارەوە لە ساڵانی ٢٠٠٠ لەنێوان سەرکردە ئایینییەکاندا دیبەیتێکی قووڵ، لەبارەی ئایینی ئۆنلاینەوە سەری هەڵدا، بەتایبەت بە تاککردنی زانیاری و ئایینی دیجیتاڵی. پرسی ئەوەی ئایا پێویستە لە ئەمڕۆ و داهاتوومانـدا بەکارهێنانی ئینتەرنێت سنووردار بکەین، دواتر گەیشتن بەو باوەڕەی کە دەتوانن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پردی خۆیان لەگەڵ ئەوانیتردا دروستبکەن و ئینتەرنێت ببێت بە سەکۆیەک بۆ فرەیی، یان جێگەیەکی باش و بەسوودە بۆ پێڕەوکردنی ئایین و کولتوور، تەنانەت سیاسەتیش.

ئیدی لە ساڵانی ٢٠٠٠ کانەوە هەندێک لە کۆمەڵ و کۆڕی ئایینییەکان هەستیان کرد کە ئامادەگییان لە ئینتەرنێتدا گرنگە، لەو ڕێگەیەوە دەتوانن پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا بکەن، بەتایبەت زانیارییە ڕوحییەکانیان بە هاودەم و شوێنکەوتووانیان بگەیەنن، ئەمەش لەسەر ئەو گریمانەیە خۆی بنیاد نابوو کە دەکرێت ئینتەرنێت لە کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرندا خەڵک بە ڕوحانیەتەوە ببەستێتەوە، ئیدی وردە وردە ئایینی دیجیتاڵی بوو بە پرسی ناو ئەکادیمییەکان، لە کۆتاییدا مێژووی چەمکاندن و ناساندنی ئایینی دیجیتاڵی بۆ یەکەم جار لە هەندێک کۆنفرانس و سیمپۆزیەمدا بەکارهات، لەوانە (کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئایینی دیجیتاڵی لە زانکۆی کۆڵۆرادۆ باوڵدا، لە مانگی یەکی ٢٠١٢، هەروەها سیمپۆزیمی ئایینی دیجیتاڵی لە پەیمانگەی دوونەر لە تورکو لە فنلاندا لە مانگی شەشی ٢٠١٢)، هەروەها خستنەڕووی هەندێک توێژینەوە، لەوانە (ئایینی دیجیتاڵی، مەعریفە، سیاسەت و پراکتیکی)، ئەم پرۆژەیە لەلایەن سەنتەری ئایینی و میدیا لە زانکۆی نیویۆرک بەڕێوە چوو، یان پرۆژەی کتێبەکان، لەوانە (چیۆنگ، فیشەر-نیلسن، گێلفگرین و ئێس لە ساڵی ٢٠١٢، کە ئەم کارانە هەموویان لە کۆبەرهەمێکدا بە ناوی (ئایینی دیجیتاڵی، کولتوور و سۆشیال میدیا)، بڵاوکرانەوە، کە بە هەموویانەوە لە کۆمەڵ و کاروباری فراوان دەدوان، لەوانە ڕەنگدانەوەی دەرکەوتنی پێوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان میدیای دیجیتاڵی و خواناسی لە جیهانی نوێدا.

هوڤەر ئیچ باوەڕی وایە کە ئایینی دیجیتاڵی داوای ئەوە دەکات کە سەرنجمان لە شێوە و پاپەندبوونی ئایین لەبەر ڕۆشنایی دیجیتاڵدا چڕکەینەوە. ئەمڕۆ یارییەکان/ پلەی ستەیشنەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ناسنامەی ئایینێکی دیاریکراودا دەگێڕن، بۆ نموونە ڤیت سیسلەر کە یارییەک/ ڤیدیۆ گەیمێکی موسوڵمانە، باس لە دروستکردنەوەی ناسنامەی موسوڵمان دەکات، باس لەوە دەکات کە چۆن ڤیدیۆگەیمەرە هاوچەرخەکانی ئیسلام، دەتوانن یاریزانێک پێشکەش بکەن کە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ناسنامەی موسوڵمان بکات. ئەو پاڵەوانێکە وەک ئەوەی قوربانی، یان ناپاک بێت، ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت ئەم ڤیدیۆگەیمانە کە لە دەوڵەتە عەرەبییە موسوڵمانەکانەوە بەرهەم دەهێنرێن، ئەرکی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ناسنامەی ئایینی موسوڵمانە، شوناسێک لە پاڵەوان و خۆبەختکار. ئەگەر ئەوەی یاری

دەکات/ گەیمەرەکــە نەزانێــت ئــەم ڤیدیۆگەیمانــە لەلایــەن موســوڵمانەکان و جیهانــی ئیســلامییەوە بەرهــەم هێنــراون، ئــەوە بــە ئاسانی دەکەوێتــە دوای ئــەو گوتــارەی کــە لەپشــت ئــەم یارییانــەوە هەیــە.

ئەمڕۆ ڤیدیۆ مانایەکی نوێ بە گرووپە ئایینییەکان دەبەخشێت، بۆ دروستکردنی ناسنامە ئایینییەکانیان، هاوبەشـیکردنی ســایتەکان پێکەوەبوونێکــی گــەورە و فــراوان بــە پێوەنــدی کۆمەڵایەتــی و نوێنەرایەتیــی گشتی دەبەخشێت. لەمەوە میدیای نوێ پلاتفۆرمێکی نــوێ بــە نمایشــی گشــتی دەبەخشــێت و ســەرلەنوێ یادکردنــەوەی شوناســی ئایینــی کــە دەتوانێــت لــە گۆڕەپانــی گشــتیدا هــاوکاری گێڕانەوەکانــی تــاک و کۆمــەڵ بــکات.

چــون هونــەری گێڕانــەوە ڕۆڵ و پێگــەی گرنگــی لــە یــادگاری و ناســنامەدا هەیــە، وەک ئــەوەی لوڤهیم دەڵێت کە دیجیتاڵ میدیا مانایەکی نوێ بە دروستکردنی ناسنامەی ئایینی دەبەخشێت، میدیا بەشداری لە نێوان خستنەڕووی خۆت و کارلێکـردن لەگـەڵ کۆمەڵگـەدا دەکات، هەروەهـا دیجیتــاڵ میدیــا لــە خواســتی بەشەخســیکردنی ئاییندا بەشــداری دەکات، چونکــە تاکــەکان ڕەنگدانەوەیــان لەســەر گێڕانەوەکانیــان دەبێــت و دەتوانــن لــە ڕەنگدانــەوەی دەستەجەمعیشــدا بەشــدار بــن، وەک ئــەوەی نانســی ئامیرامــان گوتــی، ناســنامەی ئایینیمــان دەگێڕدرێتــەوە و لــە یەکتربڕینــی دوو جــۆر چیرۆکدا ڕوودەدات. لەوانــە یەکەمیــان چیرۆکەکانــی ئاوتۆبایۆگرافــی لەبــارەی خۆمانــەوە وەک تــاک، دووەمیــان چیرۆکەکانــی نەریتــە ئایینییــەکان و ئەکتــەرە پیــرۆزەکان، ئەمــەش پێوەندیــی بــەوەوە هەیــە ئێمــە لــە چیرۆکــە بایۆگرافییەکانمانــدا چــی دەکەیــن، چ پێشــان دەدەیــن. ( ئەمیرمــان ، ٢٠٠٣)

## تاراوگە وەک بێ ماڵ، ئایینی دیجیتاڵی وەک ماڵێک بۆ تاراوگەنشین

کاریگەریــی ئایینــی دیجیتاڵــی لەســەر ناسنامەی تاراوگەنشــینەکان زیاتــر دەرکەوتــووە وەک ئەوانــەی لــە نیشــتمانن، بــە جۆرێــک ئــەو ناسنامە کوردییــەی کــە خــۆی لــە کرانــەوە و قبووڵکــردن و پێکەوەژیانــی ئایینــەکان دەبینییــەوە، ئەمــڕۆ لــەلای زۆربــەی تاراوگەنشــینەکان گــۆڕاوە، بەجۆرێــک ئێســتا تاراوگەنشــینەکان بــەرەو هەڵگرتنــی ناســنامەیەک دەڕۆن کــە (ناســنامەیەکی جیهانــی دنیــای گرووپــە ڕادیــکاڵ و ئیســلامە جیهادییەکانــە).

ئــەو ناسنامەیە کــە بێجگــە لــە خــۆی، کۆی فــۆرم و گوتــار و کولتــوور و نۆرمەکانــی دی بــە کوفــر و ئیلحــاد دەناســێنێت، تــا دەگاتــە ئــەوەی لەناوبردنیان بــە پێویســت، بگــرە بەجیهــاد دەزانێــت. هــۆکاری هەڵگرتنــی ئــەم ناســنامە تونــدە لەلایــەن تاراوگەنشــینەکان/ پەناهەندەکانــەوە پێوەنــدی بــە چەنــد هۆکارێکــەوە هەیــە، لەپێــش هەموویانــەوە بــێ ماڵییــە. بــەڕای باومــان دۆخــی جیهانگیــری و دیاســپۆرا و پەناهەنــدەکان، پێمــان دەڵێــن کــە گێڕانــەوە و پێناســەکردن و خســتنەڕووی خــۆت ئاســان نییــە، بــۆ نموونــە ئەگــەر دۆخــی پەناهەنــدە وەرگریــن دەبینیــن، لــەڕووی پرۆســەی بنیــاد و سایکۆلۆجیشــەوە پەناهەنــدەکان هەندێــک جــار لــە ڕێگــەی هەســتکردن بــە بــێ هێزییــەوە کەسایەتییان دەشــکێنرێت، ئەمــەش زۆرجــار لەگــەڵ پەرۆشــییان بــۆ ڕەوشــە نوێکەیــان و هەســتکردن بەبــێ ماڵــی تێکــەڵ بــووە ( Castells, M. (2011).

چەمکــی مــاڵ گوزارشــتە لــە شــوێن، واتــە ئــەو جێگەیــەی تــۆ لەوێیــت و هەســت بــە ئارامــی دەکەیت، چ ئارامــی فیزیکی، چ ئارامــی دەروونــی و کولتــووری بێــت، مــاڵ ئــەو جێگەیەیــە کــە دەتوانیــت بــە بــێ تــرس لەگــەڵ کولتــوور و زمــان

و فەرهەنگ و ئایین و ناسنامەکەت لە پێوەندیدا بێت، ئۆنتۆلۆجیانە ماڵ ئەو جێگەیەیە کە تۆ تێیدا هەست بە ئاسایش دەکەیت. بە مانایەکی تر ماڵ بنکەیەکی ئاسایشە، کە ناسنامەی تێدا بنیاد نراوە و دروست کراوە. Dupuis, A., & Thorns, D. C. 1998، بەڵام بێ ماڵ ڕێک پێچەوانەی ئەمەیە کە بە ناهەمیشەیی و نابەردەوامی چنراوە و داگیرکراوە.

کاتێک ماڵ بەهۆی گەشەکردنی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە وەک ئاسایش و ئارامی نامێنێت، ئیدی فۆرمێک لە ماڵێکی تازە و ناسنامەی تازە سەرهەڵ دەدات، لەبەر ئەوەیە کە هەردوو نووسەر (سیلڤستەر و کرۆنسیل ٢٠٠٢، باس لە ئەوە دەکەن کە هۆمستیل ماڵ نییە، بەڵکوو ئەو جۆرێکە لەبێ ماڵی، یان ستراتیجی کۆپی بێ ماڵییە، بگرە ئەو شوێنێکە لەڕووی سیاسییەوە بۆ کۆنترۆڵکردنیان، وەک سیخەکان لە کەنەدا، پاکستانییەکان لە بریتانیا و کوردەکان لەسوید) (Kinnvall, C. (2004, p.7)، ئیدی لەم دۆخەدا تاراوگە دەبێتە بێ ماڵی، ئەم بی ماڵییە تەنیا لە ئاستی فیزیکیدا نابینرێت، بەڵکوو لە ئاستی سایکۆلۆژی و کولتووریشەوە ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر شپرزەیی ناسنامە هەیە، ئەگەر نموونەی کوردەکان وەرگرین زۆر لەوان هەست بە تەنیایی و بێ ماڵی دەکەن، هەست دەکەن کولتوور و ناسنامە موسوڵمانیەتییەکەیان لەبەردەم هەڕەشەدایە، ئیدی لێرەوە هەوڵ دەدەن ماڵێک پەیدا بکەن، دەست بە ئیمان و ناسنامەکەیانەوە بگرن. کاتێکیش دەبینن ئایین ڕووبەرێکی فراوانی لە سۆشیال میدیا داگیرکردووە و بەردەوام کۆمەڵێک بانگخوازی کوردی لەسەر سۆشیال میدیا ئامادەگییان هەیە، ئیدی دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەم گوتارە و لێرەوە سەرلەنوێ دەست بە بنیادنانەوەی ناسنامەیەکی نوێ دەکەن.

## ئەنجام

لە دەیەی ڕابوردووەوە تا ئەمڕۆ ئێمە لەگەڵ چەمکێکی نوێ مامەڵە دەکەین، ئەویش ئایینی دیجیتاڵییە، سکولەران ئەم چەمکە بۆ تێگەیشتن لە پانتایی سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، کە لەلایەن ئەکتەرە ئایینییەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە، ئەم دەرکەوتنەوەی ئایین لەناو دیجیتاڵدا دەرکەوتنێکی ئاسایی نییە، بەڵکوو ئەو بەمانا گرامشییەکەی دەرکەوتنێکی هەژموونییەو دەیەوێ لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە، بواری گشتی داگیربکات، لێرەشەوە کاریگەریی لەسەر ناسنامە بە گشتی و لاوان بەتایبەت دابنێت.

دەرکەوتنی ئایینی دیجیتاڵی لە دنیای کوردیدا، بە گوتار و دیبەیت و پەیامە توندوتیژییەکانییەوە دەناسرێتەوە، بە جۆرێک هەست دەکەین ڕووبەرێکی فراوانی سۆشیال میدیا بۆ گوتاری ئایینیی توندڕۆ تەرخان کراوە، ئەم گوتارە نەک تەنیا هەنگاو بەرەو ئەوە دەنێت کە ببێت بە تاکە خاوەن گوتاری ئایینی، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێ سەرلەنوێ ناسنامەی کوردی دەستکاری بکاتەوە و ناسنامەی کوردی بەو جۆرە دابڕێژێتەوە کە خۆی دەیەوێت. بۆ نموونە ئەو بە ناسنامە لێبوردەییەکەی کورد لەگەڵ ئەوانی تردا ڕازی نابێت، بەڵکوو دەیەوێت کۆمەڵگە بخاتە دوای خۆی و دژ بە کەمە ئایینییەکانی کوردستان ببێتەوە.

ئایینی دیجیتاڵی خاوەن گوتار و چیرۆک و

گێڕانەوەی تایبەت بە خۆیەتی و ئەو چیرۆکە قبووڵ ناکات کە ئێمە بۆ نەتەوەکەمان، ناسنامەکەمان دامانڕشتووە، ڕەنگە سادەترین نموونە ئەوە بێت کە ئەو ئامادە نییە ئەو مێژووە قبووڵ بکات کە تۆ لە پێش-ئیسلامەوە هەتبووە و لە ڕابوردووییەکی دووردا خاوەنی بوویت، بەڵکوو ئەو باوەڕی وایە مێژووی تۆ لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات کە ئیسلامت وەرگرتووە، تۆ لەو کاتەوە بوویتە کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی کە بوویت بە ئیسلام، لە پێش ئەو مێژووەوە تۆ خاوەنی بوونەوەر و کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی نەبوویت.

یەکێک لە ئەدگارەکانی ئایینی دیجیتاڵی بۆ گۆڕینی ناسنامە بریتییە لە کەمبایەخکردنی ڕۆڵی ژن، کە ئەوی تری ژن وەک ڕەگەزێکی لاواز دەبینێت. ئەو لە کۆمەڵگە بە گوتارێکی توندەوە دژ بە ژن وەستاوەتەوە، تەنانەت ئەو ژنەش قبووڵ ناکات کە ئێمە لە گوتاری ئایینی نەریتیدا هەمان بووە.

لەم ڕووەوە بەسەرنجدان و تێگەشتنمان لە گوتاری ئایین، ئەمڕۆ لەناو سۆشیال میدیا و دنیای دیجیتاڵدا درکی ئەوە دەکەین کە ئایینی دیجیتاڵی دنەی کولتوورێکی توندوتیژ دەدات و بەدروستکردنی کولتوورێکی توندڕۆوە سەرقاڵە، ڕۆژانە نامە و دەرهاویشتەکانی ئەم کولتوورە چ لە ئاستی گوتار و کۆمێنت و دنیای مەجازیدا، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسیش دەبینین بە جۆرێک لە چەند ساڵی ڕابوردووەوە چەندان ڕووداوی تیرۆری فیکری و جەستەیی دەیان چالاکوانی سیاسیمان بینیوە، سەرجەم تاوانبارانیش لە ڕێگەی ئەو گوتارە ئایینییانەوە ئاراستەکراون، کە پیاوانی ئایین لەسەر ماڵپەڕ و پەیج و ئەکاونتەکانی خۆیان پەخشیان کردووەتەوە.

لە کۆمەڵگەی پێش دروستبوونی دیجتاڵدا، بە تایبەتیش سۆشیال میدیا، ئایین لەناو سنوورەکانی نەریتدا قەتیس مابوو، لە سووچی خانەقا و مزگەوتێکدایە، وتارەکان هەفتانە بە گوێی ئیمانداردا دەدران، دەوڵەت و دامەزراوەکانیشی بەسەر ڕەهەندە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی وتارەوە چاودێر بوون، بەڵام لە سەردەمی ئایینی دیجیتاڵدا، ئایین لە مزگەوتەوە دەخرێتە سەر شاشەکان و بەردەوام دەهێنرێتە بەرچاوی مرۆڤی ئیماندار. ئەگەر تەماشایەکی سۆشیال میدیا بکەین، دەبینین ئایینی دیجیتاڵی ڕۆڵی گەورە لە پەروەردەکردنی کەسایەتی کوردیدا دەگێڕێت، پانتاییەکی فراوانی سۆشیال میدیا لەلایەن گوتاری ئیسلامی سیاسی و سەلەفیەتەوە داگیرکراوە، کە لەسەرێکەوە گوتارێکی توندوتیژە و لەسەرێکی دیکەوە گوتارێکی دژە ناسنامە و کولتووری کوردیشە، ئەم گوتارە خاوەنی دەیان هەزار پەیج و ماڵپەڕە و بەردەوام گوێی مرۆڤی موسڵمانی کورد لەسەر ئەم گوتارانە ڕادێنێت.

## ڕاسپاردەکان

بەهۆی ئایینی دیجیتاڵییەوە ناسنامە لێبوردەییەکی کورد لەبەردەم گۆڕیندایە بەرەو توندڕۆیی، لەبەر ئەوە دەبێت دامودەزگەکانی حکوومەت و ڕێکخراوەکان بەپێی پێویست ڕۆڵی گوتاری توندڕۆیی لەناو سۆشیال میدیادا کۆنترۆڵ بکەن.

ئازادی کاری ڕێکخراوەیی و پیشەیی و سیاسی ئەو پارت و گرووپە ئایینییانە لە کۆمەڵگەدا سنووردار بکرێت کە لەپشت بڵاوکردنەوەی گوتاری توندڕۆییەوەن.

بەرانبەر گوتاری توندڕۆیی ئایینی، هەوڵ

بدرێــت گوتــاری لێبوردەیــی ئیســلامی نەریتــی/ ســۆفی کــوردی لەنــاو سۆشــیال میدیــادا زیــاد بکرێــت و مامۆســتایانی ســۆفی هــان بدرێــن کــە گوتــارە لێبوردەییەکانیــان بخەنــە ســەر سۆشــیال میدیــا.

**سەرچاوەکان:**


1 - Abramson, H. (1973). Ethnic Diversity in Catholic America. New York: John Wiley and Sons.

2 - Bauman, Z. (2013). Liquid modernity. John Wiley & Sons.

3 - Castells, M. (2011). The power of identity (Vol. 14). John Wiley & Sons.

4 - Damon, W. (1983). Social and personality development. New York: Norton

5 - Erikson, E.H. (1968). Identity: Youth and Crisis. New York: Norton

6 - Hammond, P. (1988). Religion and the persistence of identity. Journal for the Scientific Study of Religion, Vol. 27, No. 1, pp. 1-11.

7 - King, P. E. (2003). Religion and Identity: The role of ideological, social and spiritual contexts. Applied Developmental Science, Vol. 7, No. 3, pp. 197-204.

8 - Kinnvall, C. (2004). Globalization and religious nationalism: Self, identity, and the search for ontological security. Political psychology, 25(5), 741-767

9 - Rogers, L. O. (2018). Who am I, who are we? Erikson and a transactional approach to identity research. Identity, 18(4), 284-294.

10 - Smith, T.L. (1978). Ethnic Identity and Assimilation: The Polish American Community. New York: Praeger Publishers.



*** خوێندکاری دوکتۆرا لە ئیسپانیا.**


**سەرنج: ئــەم نووســینە وەک پانێلێــک، لــە ســێیەمین فیســتیڤاڵی رامــان لــە ڕۆژی دووەم، پێنجشــەممە، ڕێکەوتــی ٢٠٢٥/١٢/١٨ پێشــکەش کــراوە.**

**(رامان)**